

# سێ ئاسمانگەڕ

**ئەمبرتۆ ئیکۆ**

**و. لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو. ڕۆژێ لەڕۆژان گۆیەك هەبوو بەناوی زەوی. ڕۆژێ لەڕۆژان گۆیەکی تر هەبوو بەناوی مەریخ. ئەم دوو گۆیە زۆر لەیەك دوور بوونو چواردەوریان پڕ بوو لە ئەستێرەو بەملیۆنان کاکێشان. خەڵکانێك کە لەسەر ڕووی زەوی دەژیان زۆر حەزیان دەکرد گەشتی مەریخو شوێنەکانی تر بکەن، بەڵام ئەم ئەستێرانە زۆر زۆر دووربوون، بۆ ئەمەش خەڵکەکان کەوتنە بیرکردنەوە، سەرەتا سەتەلایتیان هەڵدایە ئاسمان تا بەدەوری مانگدا بسوڕێتەوە. پاش دوو ڕۆژ سەتەلایتەکە گەڕایەوە سەر زەوی. دواتر مووشەکیان هەڵدا بۆ ئاسمان، بەڵام لەبری گەڕانەوە بۆ زەمین مووشەکەکە لە بۆشایی ئاسماندا ونبوو.

یەکەمجار سەگیان خستە ناو موشەکەکانەوە، بەڵام سەگەکە نەیتوانی قسەبکاتو بڵێ بۆ کوێ چووەو چیی بینیوە! دواتر تەنیا پەیامێك کە لە ڕادیۆی مووشەکەکەوە بیستیان تەنیا حەپە حەپ بوو کەس نەیتوانی تێبگات. دوای ماوەیەك سەرەنجام توانییان کەسێکی ئازا پەیداکەن بچێتە بۆشایی ئاسمان. ئاسمانگەڕەکان ئەستێرەکان، بۆشایی بێ پایان، کاکێشانو هەر شتێکیش لە دەوروبەری ئەوانەبوو گەڕان.. ئاسمانگەڕەکان بەرەو ئاسمان دەچوون، بێ ئەوەی لە گەڕانەوەی خۆیان بۆ سەر زەوی دڵنیابن. ئاسمانگەڕان دەیانویست

ئەستێرەی تر بدۆزنەوە تا ڕۆژێك هەر كەس بتوانێت لە زەوییەوە بۆ ئەستێرەی تر گەشت بكات. لەبەر ئەوەی دانیشتوانی سەر زەوی زۆر زۆرن‌و ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتریش دەبن.

سەرەنجام لە ڕۆژێكی خۆشی هەتاودا سێ موشەك لە سێ خاڵی جیاجیای دنیاوە بەرەو بۆشایی ئاسمان ڕۆیشتن. یەكەمیان ئەمریكایی بوو. ئەو بەخۆشحاڵییەوە گۆرانییەكی (جان)ی دەوت. دووەمیان ئاسمانگەڕێكی رووسی بوو گۆرانییەكی رووسیی دەوتەوە. سێهەمیان ئاسمانگەڕێكی چینی بوو گۆرانییەكی چینیی بەدەنگی بەرز دەوت. ئەمریكایی‌و رووسەكە وایان دەزانی كە چینییەكە گۆرانی نازانێ!

هەریەك لەو ئاسمانگەڕانە دەیویست یەكەمین كەس بێت پێ لەسەر رووی مەریخ دانێ، تابتوانێت بڵێ ئەو لە هەمووان باشترە. هەرسێكیان وریاو زیرەك بوون‌و هاوكات لەسەر مەریخ نیشتنەوە. دواتر جل‌و كڵاوی تایبەتی ئاسمانیان لەبەركردو لە ئامێرە ئاسمانییەكە هاتنە دەر. هیچیان زمانی ئەویتریان تێنەدەگەیشت‌و وابیری دەكردەوە كە زمانی ئەویتر سەیرو سەمەرەیە.! هەر بۆیە ئەمریكاییەكە روسەكەی خۆشنەدەویست‌و روسەكەش چینییەكەو چینییەكەیش لەهەر دووكیان بەگومان بوو. لەبەر ئەوەی ئەمریكاییەكە لەبری سڵاو وتی: (هەلۆ). روسەكە وتی: (پۆرسكی یی)و هەروەها چینییەكەیش دەیوت: (نیهاو). ئەوان چووبوونە سەر زەمینێكی سەیرو سەمەرەو سەرسوڕهێن، زەمینێك خەت خەت‌و ڕێ ڕێ. ڕووباری پڕ لە ئاوی زمرووتی، داری نامۆو ڕەنگ شین‌و باڵندەی ڕەنگاو ڕەنگی وایان لە هەموو جێیەك دەبینی كەتا ئێستا كەسێك تاقە یەكێكی لەو شێوەیەی نەدیبوو. لەو دوورە دەستە، لە ئاسۆدا شاخی سووریان دەبینی كە تیشكی خێراو ترسناكیان دەدایەوە. ئاسمانگەڕەكان چاویان تێبڕی بوو، دواتر بەگومانەوە لەیەكترییان دەڕوانی‌و لەكۆتاییشدا هەر یەكەیان بەڕێگەی خۆیدا ڕۆی. شەو داهات، خامۆشییەكی سەیر هەموو جێیەكی پڕ كرد. زەمین چەشنی ئەستێرەیەكی گچكە لە دوورەوە دەدرەوشایەوە. ئاسمانگەڕان هەستیان بەماندوویی‌و تەنیایی دەكرد. كتوپڕ لەتاریكاییدا ئەمریكاییەكە بانگی دایكی كردو وتی: (مامی) روسەكەیش بانگی دایكی كردو وتی: (ماموشكا)و چینییەكەیش هاواری كرد (ماما). تێگەیشتن لەوەی كە هەرسێكیان یەك هەست‌و نەستیان هەیەو ئارەزووی یەك شت دەكەن. سەیری یەكتریان كردو پێكەنین. دواتر لەیەكتر نزیكبوونەوەو پێكەوە ئاگرێكی گەورەیان كردەوە. هەریەكەیان بەزمانی خۆی شیعرێكی خوێندەوە. هەستێكی باشیان هەبوو بەرلەوەی ڕۆژ بێتەوە، بوونە هاوڕێ‌و باشتر یەكتریان ناسی. دواجار ڕۆژ بۆوە. بەیانییەكی سارد بوو. كتوپڕ لە نێوان دەوەن‌و دارێكی جۆراو جۆرەوە مەریخییەك هاتە دەرەوە. هەر بەڕاستی مەریخییەكە ترسناك بوو! سەراپای سەوز بوو، دوو ئارێل لەبری گوێچكە، خەرتومێك‌و شەش دەست‌و بازووی هەبوو! مەریخییەكە سەیری كردن‌و وتی: (جیڕڕڕڕ) كە بەزمانی مەریخی یانی (وای چ مەخلوقێكی سەیرو سەمەرەن!)، بەڵام زەمینییەكان كە لە زمانی ئەو تێنەگەیشتن، وایانزانی دەیەوێ بەدەنگێكی ناقۆڵا جاری جەنگ بدات. ئەوان لەخۆشویستن‌و تێگەیشتنی بێ هیوابوون، چون زۆر لەوان جیاوازبوو. ئێستا كە لەگەڵ غولێكی بێ شاخ‌و دەم ڕووبەڕوو ببوونەوە، تەواوی جیاوازییەكانی خۆیان وەلا نا. ئیتر گرنگ نەبوو بەچ زمانێ دەدوێن‌و خەڵكی كام وڵاتن. تاقە شتی گرنگ ئەوەبوو ئەوان مرۆڤ بوون‌و ئەو مرۆڤ نەبوو. هیچ كە مرۆڤ نەبوو، زۆریش ناشیرین بوو، زەمینییەكان وابیردەكەنەوە ئەوەی ناشیرین بێت خراپیشە. لە بەرامبەردا هەرسێكیان بڕیاریان دا لەگەڵی بجەنگن‌و بەتفەنگە ناوكییەكانیان بیكوژن، بەڵام لەو سپێدە ساردەدا شتێكی باوەڕپێنەكراو ڕوویدا. باڵندەیەكی بچووكی مەریخی لەلانەكەی كەوتە خوارەوە. باڵندەی بچكۆلە لە ترس‌و سەرمادا دەلەرزی‌و جیكە جیكی دەكرد، هاوشێوەی باڵندەكانی سەرزەوی. ئەمریكایی‌و چینی‌و روسەكە ئەویان بینی‌و دڵیان بەحاڵی سووتاو ئەسرین بەڕومەتیاندا هاتە خوارەوە، بەڵام سەرسوڕهێنتر لەوە مەریخییەكە

چووە لای باڵندەکەو سەیری ئەوی کردو لە خەرتومەکەیەوە دووکەڵ دەهاتە دەرەوە. زەمینییەکان لەهێکرا تێگەیشتن کە مەریخییەکە دەیەوێ بگری، گریان بەشێوازی مەریخی. دواتر مەریخییەکە دانەوییەوەو هەر شەش دەستو بازووەکەی لەدەوری ئاڵاند تا گەرمی کاتەوەو دڵنەوایی بکات. ئاسمانگەرە چینییەکە ئاوڕی بۆ لای هاوڕێکانی دایەوەو وتی: بینیتان؟ وامانزانی ئەم غوولە بێ شاخو دەمە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازە، بەڵام بینیتان؟ ئەویش باڵندەی خۆشدەوێ. ئەویش چەشنی ئێمە دڵی دەسووتێو خاوەنی بەزەییە، بێگومان مێشکیشی هەیە. ئێستایش سوورن لەسەر ئەوەی کە بیکوژین؟ راستییەکەی پێویستی بەپرسیار کردن نەبوو. زەمینییەکان ئەوە فێربوون: گەر دوو زیندەوەر وەك یەکیش نەبن، پێویست ناکات دوژمنی یەکتر بن. دواتر بەرەو پێشەوە رۆیشتن تا تەوقە لەگەڵ مەریخییەکە بکەن. لەبەر ئەوەی مەریخییەکە شەش دەستو بازووی هەبوو توانیی هاوکات لەگەڵ هەرسێکیان تەوقە بکاتو تەواوی دەستەکانی تریشی بەخۆشحاڵییەوە رادەوەشاند.

مەریخییەکە بە ئاماژە بۆ ئاسمانو زەوی ئەوانی تێگەیاند کە دەیەوێ گەشتێك بۆ سەر زەوی بکاتو تێکەڵاوی زەمینییەکان بێتو پێکەوە کۆمارێکی جیهانی دامەزرێننو بەخۆشیو شادی بژین. ئاسمانگەڕان کە لێوڕێژی شادی بوون قبوڵیان کردو بۆ ئەوەی کە بیکەنە جەژن بەو بۆنەیەوە بتڵێك ئاو کە لەسەر زەوییەوە هێنابوویان پێشکەشی ئەویان کرد. مەریخییەکە بەشادییەوە تەواوی خەرتومەکەی کردە بتڵەکەوەو بەهەموو هێزی ئاوەکەی هەڵمژی! زۆر خۆشیی لە خواردنەوەی ئاوەکە هات، کاتێك چووە کەللەیەوە! زەمینییەکان تێگەیشتن کە لەسەر رووی زەوی یا هەر شوێنێکی تر، هەر کەسە شێوەو قیافەو شکڵو رەوشی خۆی هەیە. گرنگ ئەوەیە لەجیاوازییەکان بگەینو ڕێزو حورمەت لەیەکتری بگرین.

